# دەربارەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە پیّ ی یاسایی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٠ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە کە لە یەکگرتنی هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێك هێنرا ، لە دوای کارکردنێکی زۆر لە رێگای پێنچ بەرێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات.

ئامانجی ئەم وەزارەتە بریتی یە لە رەنگ رێژکردنی سیاسەتی بازرگانی و پیشەسازی گشتی بە مە بەستی وەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێم و وە کار بۆ جێبەجێکردنی دەکات و هەروەها بۆ ئەوەش کە بەپێی هەر یاسایەکی دیکەی بەرکار لە هەرێمدا بەر پسپۆرایەتی دەکەوێت .

وە بۆ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی لەبار لە رووی یاساییەوە و بۆ ئەنجامدانی کارەکانی وەزارەتمان هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و رێنمایی پێویست تاوەکو کارەکان بە شێوەیەکی یاسایی بەرێوە بچن.

هاوکات بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراك بەردەوام لە هەوڵ دایە لە رێگای دروستکردنی سایلۆکان لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کار بکات کە لەم بوارەشدا کاری بەرچاو کراوە و دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام ئەم وەزارەتە کار دەکات بۆ گەشەی بازرگانی و ئاسانکاری هێنان و بردنی کاڵا و کەل و پەل لە رێگای پێدانی مۆڵەتی هاوردە و هەناردە تاوەکو پێداویستیە جۆراو جۆرەکانی هاووڵاتیان لەسەرجەم ئاستە جیاوارەکان دابین بکات.

لەلایەکی ترەوە بە ئامانجی گەشەپێدانی پیشەسازی بەرێگای پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ناوخۆیی لە رێگای کوالێتی کۆنترۆڵ توانراوە  پیشەسازی لە هەرێم روو لەفراوان بوون بکات.

وە بە ئامانجی گەشەی ئابووری و بە ڕێگای پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمپانیایی بیانی و خۆماڵی توانراوە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا لە بازارەکانی هەرێم دەست بەکاربن و ڕێژەیەکی زۆر دەرفەتی کار برەخسێنن.

ئەم وەزارەتە لە بواری پلان دانان و بەدواداچوون کاری بەرچاو ئەنجام دەدات بە دانانی پلانی ستراتیژی و بە دواداچوونی پرۆژەکانی وەزارەت و کارگەکانی کەرتی تایبەت.

جێگای ئاماژەیە بە ئامانجی گەشەپێدانی بەکەرتی تایبەت و ڕەنێوهێنانی ناوخۆ وە زیاتر بوژانەوەی لەم ماوەیەدا دەستەیەك بە ناوی دەستەی شارو شارۆچکەکانی پیشەسازی دامەزرێنراوە بۆ ئەوەی پەرە بە کەرتی پیشەسازی ناوخۆیی بدرێت کە سەرئەنجام هەرێمی کوردستان بتوانێت پێداویسیەکانی ناوخۆ لە ڕێگای پیشەسازی کاران دابین بکات و بتوانرێت هاوردە و هەناردە هاوسەنگ بکات.